# تاعونی ئەلبێر کامۆ

## پرسیاری بوونگەرایی لەناو رۆمانی ئەندێشەی زانستیدا



ئیبراهیمئەلعەریس
لەعەرەبییەوە :ئاوا ئمحەمەد

ئەگەر لایەنی فەلسەفی لە رۆمانی تاعونی ئەلبێر کامۆ وەربگرین، لەو کاتەی دەیخوێنینەوە هەستدەکەین ئێمە لەبەردەم رۆمانێکی ئەندێشەی زانستیداین، یان باشترە بڵێین لەبەردەم جۆرێك لە رۆمانی ئەندێشەی زانستی، سیما گشتیەکانی ئەو تۆقینەیە کە دەیخاتەوە، بەڵکو مەسەلەیەکی بە ئینسانانەوا مانلێدەکات تێبینی ئەوە بکەین، وەك فیلمێکی ئەندێشەی زانستی وایە، لە شێوەی کارەساتباری، کە رۆمانی تاعون رووداوەکانی خۆی لە سەرتاوە لێوەرگرتووە، ئەو سەرەتایەی پەیوەستە بە ژمارەیەکی ئێجگار زۆری جرج، وەك ئەوەی بیانەوێت شارەکە داگیربکەن، ئەمەش لە لاپەرەیەکەمینەکانی رۆمانەکەوە دەردەکەوێت، لەگەڵ سەرەتای مردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شارەکە لە ناو شەقامەکاندا، بەبێ ئەوەی سەرەتا کەس هۆکارە ئاشکراکانی ئەم مردنە بەکۆمەڵە بزانێت.

دیارە لەگەڵ ئەم سەرەتا تۆقێنەرەدا، کۆڵانەکانی ئەم فیلمە ئەندێشەی زانستییە لق و پۆی لێدەبێتەوە، وەك چەپەی نووسەری فەرەنسی بە ناوبانگ بیرێت، ئێمە دەزانین ئەلبێر کامۆ لە نووسەرانی ئەندێشەی زانستی نەبووە، هەروەها خەمی ئەوگێرانەوەی چیرۆکی جرجەکان وهەموو شتەکانی تری ئەو شارە نەبووە، بەڵکو سەرنج زۆر لەوە دوورتر دەدات، بە دیاریکراوەی بۆکرۆکی سیاسی – فەلسەفی – سیاسی لە ولایەنەی پەیوەستە بە جەوهەری رۆمانەکەوە، لە تێروانینی کامۆ بۆ ئەو بەرگریەی بەرگریکارانی فەرەنسا لە دژی نازییەکان ئەنجامیاندەدا، لە لایەنی فەلسەفییەوە کامۆ هەوڵیداوە لە مرۆمانەدا بە پێی ئەو شیکردنەوانەی بۆ ئەم رۆمانە کراوە، کارێکی ئەدەبی دراماتیکی پێشکەشبکات وجۆرێك لە بیرکردنەوەی بوونگەریانەی تیا بەرجەستە بکات، کە لە وتافەدا باو بووە.

مەبەستمان لە وتافە، سالانی کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمە، بۆ زانیاری تاعون لە یەکەمجار لە ساڵی (١٩٤٧) دا بڵاوبووەوە، واتە دوای کۆتاییهاتنی جەنگ و رزگاربوونی فەرەنسا لە دەستی نازییەکان، گومانی تێدا نییە ئەو زەمەنە زەمەنی پێداچوونەوەی زۆرێك لە بوارەکان و بیروراکان بووە، هەروەها زەمەنی سەرەتای بڵاوبوونەوەی فکری بوونگەری بووە، ئەویش لە نێوان ناوەندی رۆشنبیرە دیموکراتە فەرەنسیەکاندا، وەك چۆن لە ناوەندە میللیەکاندا، ئەویش لە دژی زۆرێك لە خەیاراتی فکری و سیاسی لە وسای فەرنسادا، هەروەها لە زۆرێك لە ناوچەکانی تری جیهان، کە تازە لە جەنگی جیهانی هاتبوونە دەرێ و پڕبوون لە دڵەراوکێ و پرسیار، ئەوکات تەنها چارە لە ناویاندا هەڵبژێرێت، یان بەرەورووی ببێتەوە، لێرەوە ژیانەوەی هەمە جۆری چەپگەریانە لە فکری بوونگەریدا دەرکەوت، ئەویش لە سەردەستی کامۆ، وەك چۆن لە سەردەستی سارتەر و دۆبۆڤوار و چەندەهای تر.

بەم شێوەیە، رۆمانی تاعون وەك کارێکی ئەدەبی بوونگەری رەمزی هاتە بوون، هەر لە سەرەتاوە مەسەلەی هەقیقەتی هەڵوێستی فەرەنسیەکان لە بەرامبەر داگیرکاری نازیدا چارەسەر دەکات، ئەم داگیرکاریە شداگیرکردنی ئەو شارە نییە کە رووداوەکانی تێدا روودەدات، تاعون لە لایەن جرجەکانەوە تەنها خواستەیەکە، لە لایەنەوە رەخنەگران و لێکۆڵەرەوان بەهەڵەدا نەچوون، کە بە مانایەك لە مانا کانکافکایان نبینی، لێرەدا لە سەرەهەمان رەوتی رۆمانی نووسەری گەورەی بەر لە خۆی (بوونگەریە کبەر لە بوونگەری) فرانز کافکادەروات بەرێوە، بە تایبەتی لە سەر شێوەی رۆمانی دادگا، لەوەی وێنای نەهامەتی تاك لە بەردەم دەسەڵاتدا دەکات (یان هێزی بەکۆمەڵ)، بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی هەبێت، تۆمەتبار دەکات و بە دوایدا دەکەوێت و دادگایی دەکات، ئەمشیکردنەوەیە زۆرجار بە بیری خوێنەرانی کافکادا نەهاتووە، ئەویش لە بەرئەوەی هیچ بەرگرییەك نانوێنێت و وایلێدەکات (لەگەڵ جەلادەکەی لە ناو ئەو نەهامەتییەدا بژی، ئەویش بە شێوەیەکی نەگەتیفانە)، لەوانەیە خاڵی هەرە دیاری لێکچوونی نێوان کارەکەی کامۆ و کافکا، بریتیبێت لەوەی ئەو حوکمەی لە تاکەوە دەردەچێت مانای هەمە جۆری هەیە، کە وایلێدەکات ببێتە بەشێکی بنەرەتی لە ومەرجە مرۆییەی لە زەمەنی نوێدا هەیە.

ئەو شارەی رووداوەکانی رۆمانی تاعونی تێدا روودەدات، شاری وەهرانی جەزائیرییە، ئەو شارەی ئەلبێر کامۆی تێدا لە دایکبووە، وەکو تەمانرۆمانەکە بە وەهەزارەها جرجە دەسپێدەکات کە لە کۆڵان و زێرابەکاندا دەست بە تەراتێن دەکەن، یەکەمجار بە دزیەوە دەردەکەون، بەڵام کاتێك شارەکە پڕ دەبێت لە مردوو بە ئاشکرا دێنە دەرێ.

رۆژنامە ناوخۆییەکان دەستدەکەن بە بڵاوکردنەوەی رووداوەکان،





لە شارەکادا خەڵکتووشی هستریایەکی بە کۆمەڵ دەبێت، کاتێکدەسەڵات دەیەوێت کارێک بکات وفەرمان دەردەکات کە خەڵکی شارەکە جرجەکان کۆبکەنەوە و لە چاڵێکدا بیانسوتێنن، لەوکاتەی دەسەڵاتئەمفەرمانە دەردەکات، نەیدەزانی کە کردەی بەدواکەوتن وکۆکۆدنەوەی جرجەکان دەبێتە هۆی زیاتر بڵاوبوونەوەی پەتای تاعونی کوشندە لە ناو سەرجەم شارەکەدا، لە شاری پزیشکەکە، دواتر دەزانین کە سایەتیەکی سەنتەری ناو رۆمانەکەیە، ناوی دکتۆر ریۆیە، ئەو پزیشکە زۆر بە خۆشی دەژی، ئەویش لە شوقەیەکدا لە شەقامێکی کەشخەدا، رۆژێک بە هۆی تایەکی زۆر بەرزەوە، پاسەوانی بیناکە دەمرێت، یەکسەر ریۆ راوێژ بە دکتۆر کاسێلی هاورێی دەکات، بەیەکەوە ئەوە دەدۆزنەوە هۆکاری مردنی دەرگاوانەکە تاعون بووە، کە هەرهەمان تاعونە کە پەتایەکی مەرگاوی لە ناو ئەو شارە بڵاوبووەتەوە، لە حاڵێکدا ئەم دۆزینەوەیە ئەم دووهاورێیە دەبێتە یەکەمئاماژە، ئەگەرچی رووداوە بەراییەکان هەمووی ئاماژەن بۆ پەتاکە، کە لەو شارە بڵاوبووەتەوە، لێرەوە ئەم دوو پزیشکە لەگەڵ گەورە بەرپرسان و هاوەڵەکانیاندا و بەرپرسە حکومیەکاندا دانیشتن دەکەن، بەڵام کۆبوونەوەکە هیچ دەرئەنجامێکی نابێت، ئێستا شەهر لە وباوەرەدانئەوەی بە تاعون مردووە تەنها یەککەسە، واتە دەرگاوانەکە، بەڵام هێندە نابات ژمارەی مردووەکان بە خێرایی زیاد دەکات، کە دوایی دڵنیا دەبن پەتایەکی کوشندە بڵاو بووەتەوە، لێرەدا دەسەڵات هیچی بۆ نامێنێتەوە، هەر ئەوەندە نەبێت خۆی بداتە دەستئەمری واقع و دانبە حاڵەتەکەدا بنێت و گەمارۆی شارەکە دەدات، هاتنە ناوەوە و چوونە دەرەوەی لێقەدەغە دەکات، شورایەکی ئەمنی توندی بە دەوردا دەکێشێت، هەروەها کۆمەڵێک بنەمای تەندروستی توندیش دەسەپێنێت، کە هەرکەسلە و شارەدا بژی ئەبێت پەیرەوی لێبکات.

ئیدی لەوساتەوە رۆمانەکە دەبێتە جۆرێک لە کێشمەکێشی هەمەجۆر لە نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتی سیاسی و شارەوانی و دەسەڵاتی تەندروستی، هەر گروپێک هەوڵدەداتئەوەی لە سەرشانە ئەنجامی بدات، بەڵام هەموو ئەوانەی روودەدەن لە سوریالیەتەوە نزیکن وەک لە واقع، ئەوەی یەکەمجار ئەمە دەسەپێنێتئەوەیە خەڵکەکە (هەروەها بەرپرسانیش) لە ناو ئەو شارەداوەک دیلیان لێدێت، تاعون دەبێتە هۆی گۆرینی سیمای پەیوەندییەکان و سیمای شارو خەڵکەکەشی دەگۆرێت، ئەمە تەنها نەخۆشیەکی کوشندە نییە و بەس، بەڵکو هۆکارێکی کارایە بۆ گۆرینی هزرەکان بە شێوەیەکی ریشەیی، لە بەر رۆشنایی ئەمگۆرانکارییەدا، هەقیقەتی هزری و مۆرکی کەسەکان و جەوهەری پەیوەندییەکانمان بۆ دەردەکەوێت، لە نێوان ئەوانەی دەیانەوێت نەخشە بۆ راکردن لە شارە بکێشن، تاکو لە پاریس بە ژنەکەی بگاتەوە، دەربەستنییە بەوەی نەخۆشیەکەی هەڵگرتووەیان نا، قەشەکە سوود لەم رووداوە ببینێت تاکو بڕوا بە خەڵکبهێنێت، کە تاعون هیچنییە، جگە لە توڕەیی خوا بە سەر مرۆڤەکانەوە، تاوانکارسامانێکی زۆر لە تۆقینی خەڵکەوە کەڵەکە دەکات، بەڵام هەندێکساتهەیە هەموواز لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەهێنن تاکو یارمەتی یەکتر بدەن.

لێرەدا رۆشنە ئەلبێرکامۆ(١٩١٣–١٩٦٠) رۆمانێکی نووسی لە چیرۆکی تاعونواوەلاتر چوو، لە سەر رووداوێکی نووسی لە شاری وەهران روودەدات، لێرەداوەکخواستەیەکبەکاریهێنا، هەروەها لێرەداوەکزینەکردن بەکارینەهێناوە، ئەبێت رۆمانی دادگای کافکامان لە یەکەملاپەرەکانەوە لە سەر زمانی ریۆی پزیشکلە بیربێت.

هەروەها بە رێکەوتنییە لە راستای رۆمانەکەدا ناوی رۆمانێکی تری کامۆ بێت، کە ئەویش رۆمانی نامۆیە، دکتۆر رێکدەیگێرێتەوە کە پیاوێک لە سەرکەناری دەریاگولەیەکی بە بێهۆ پێوەناوە، لە مدووئاماژە رۆشنەوە تێدەگەین کامۆ ویستوویەتی سەرنج بێهودەیی مەرجی مرۆیی بگرێت، هەروەها لە ورەهەندە بوونگەرییەی لە فکروئەدەبەکەیدا رەنگی دابووەوە، کامۆ خاوەنی خەڵاتی نۆبڵبۆئەدەب، کە ساڵی (١٩٥٧) وەریگرت، بە رۆمان و کتێبە فەلسەفییەکانی ناسراوەتەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش شانۆنامەی نووسیوە، ئەمە جگە لە چەندەها وتاری سیاسی کە سەبارەت بە کێشەی جەزائیر دەینووسی، هەمیشە جۆرێک لە بەدحاڵیبوونی هەبووە، و لە لایەن لێکۆڵیارانەوە چارەسەری بۆکراوە، لە گرنگترینکارەکانی کامۆ (مردنی بەختیار)، (نسکۆ)، (یەکەمپیاو (کەپاشمردنی بە چەنددەیەک بڵاوکرایەوە)، شانۆنامەکانی وەک (کالیگۆلا)، (بەدحاڵیبوون)، (سۆزانییە بەرێزەکە) و چەندەهای تریش.